


# ریفراندۆم لە روانگەی هونەرمەندانەوە


میللەتی کورد لە باشووری کوردستان لەبەردەم تەحەددییەکی گەورەدایە کە بریتییە لە ئەنجامدانی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە ٢٥ی ئەیلوولی ئەمساڵ، بێگومان هونەرمەندانیش راوبۆچوون و هەڵوێستی خۆیان لەو بارەوە دەبێت، ژمارەیەک لە هونەرمەندانی کوردستانیش بەم شێوەیە راو سەرنجی خۆیان دەربارەی پرسی ریفراندۆم بۆ گوڵان دەخەنەڕوو.



مەروا محەمەد:

## بۆ رزگاربوونی هەمیشەیی دەنگ بە بەڵێ بدەن

ئەم رۆژە بە رۆژێکی مێژوویی و پرشنگدار دەزانم لەمێژووی گەلی کورددا، ئەو رۆژە خەون و ئاواتی سەدان ساڵەی گەلی کورد دێنێتەدی کە قوربانی و خەباتی لەپێناودا داوە بۆ ئەوەی رۆژێك بێت ئێمەی کوردیش وەك میللەتانی دیکەی دنیا ببین بەخاوەن وڵات و کیانی خۆمان و رزگارمان بێت لەژێر ئەم نەهامەتییانەی کەلەلایەن دوژمنانی کوردەوە تائێستا بەسەرمان هاتووە، هەر لە قڕکردن، کیمیابارانکردن، ئەنفالکردن، کۆمەڵکوژی، لەکوشتن و بڕین. بۆیە لەم رۆژەدا داوا لەهەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دەکەم بە بەڵێ دەنگ بدەن بەسەربەخۆیی کوردستان ، بۆ ئەوەی چیتر خۆمان و نەوەکانی داهاتوومان ڕووبەڕووی کوشتن و بڕین نەبنەوە لەلایەن دوژمنانی کوردەوە.تا ئێستا هەمووومان خەباتمان بۆ گەیشتن بە رۆژێکی واکردووە، بۆیە پێویستە ئەم رۆژە لەدەست نەدەین و بەدڵێکی گەرم و پڕ لەخرۆشەوە بەرەو سەندوقەکانی دەنگدان بڕۆین و دەنگ بەسەربەخۆیی کوردستان بدەین و ئەم رۆژە بکەین بە رۆژی جەژن و خۆشی.



ئیسماعیل سابوری:

## ئێمەش وەکو میللەتان دەبینە خاوەن دەوڵەت

هەستێکی زۆر خۆشە کە ببین بە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان، ئای چەند سەختە کاتێك روو لە دەرەوەی وڵات دەکەیت، دەربارەی وڵاتەکەت نازانی چییان پێ بڵێی، خەڵکی کوێی لە کوێ هاتی؟ هیوادارم خوا یارمەتیدەرمان بێت و ریفراندۆم سەربکەوێت و بە مافی رەوای خۆمان بگەین، دڵنیام ئەو کات خەڵك و دۆستانمان لە دەرەوەی وڵاتیش یارمەتیدەرمان دەبن و ئێمەش وەك هەموو میللەتانی جیهان دەبینە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان .



ڕەشید فەیزنەژاد:

## بەڵێ بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی

لە هەموو ئازیزانی لایەنگرم و سەرجەم گەلی بە شەرەف و کوردپەروەر لە باشووری کوردستان داواکارم رۆژی ٢٥ی مانگی ٩ لەگەڵ خانەوادە و بنەماڵەی بەڕێزتان بڕۆن بۆ سەر سندوقەکانی دەنگ و بە دەنگی (بەڵێ) بۆ سەربەخۆیی کوردستانی ئازیزمان، کۆتایی بە هەموو نەگبەتی و نەهامەتییەکان و ئیعدام و حەبس و زیندان و ئەشکەنجە و ئەنفال و تەبعید و نەفی و کیمیاباران و ماڵسووتان و جەرگسووتانی دایکان و هەتیوکەوتنی منداڵەکانمان بێنن، کە لە مێژووی ١٠٠ ساڵەی رابردوو تا ئەمڕۆ داگیرکەران و دیکتاتۆران تاوانی گەورەمان دەرهەق دەکەن، بۆیە بە دەنگی (بەڵێ)تان خەون و ئاواتی سەدان ساڵەی گەل و شەهیدان و سەرکردە دڵسۆزەکانی یەك بە دوای یەکی شۆڕشەکانمان بهێننە دی و ئەم هەلە مێژووییە کە بۆمان هەڵکەوتووە، لە کیس مەدەن کە وا جارێکی تر، لایکەم تا ١٠٠ یان ١٥٠ ساڵی دیکە گرانە بۆمان بڕەخسێتەوە، فرسەتێکی زێڕینە و هاتووەتەپێش با لە کیس خۆمانی نەدەین. (بەڵێ) بۆ سەربەخۆیی و (بەڵێ) بۆ ریفراندۆم، بژی کورد، بژی کوردستان، هەر شەکاوە بێ ئاڵای کوردستان.



## 25 ئەیلوول
## بەڵێ بۆ کوردستان



نەجمەی غولامی:

### به یەکڕیزی دەنگ به (بەڵێ) بدەن

سەدان ساڵە میللەتی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان خەبات دەکات و قوربانی زۆریشی داوە بۆ بەدەستهێنانی مافە رەواکانی و مێژووی مرۆڤایەتی شایەدی ئەو خەبات و کۆڵنەدانەی میللەتەکەمانە، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە پشت بە میللەتەکەمان ببەستین، لێرەدا یەکگرتن و یەکڕیزیی نێوان لایەنەکان زۆر گرنگە و سەرکەوتنی ئێمە لە یەکگرتندایە، داوا لە هەموو لایەنەکان دەکەم بە یەکگرتن مافی گەلی کورد دەستەبەر بکەن، ئەوەش ئاواتی دێرینی گەلی کوردە کە خۆی لە سەربەخۆییدا دەبینێتەوە، میللەتی کورد هیچ کاتێك درێغی نەکردووە و نایکات و هیوادارم بە یەکتر قبووڵ کردنەوە بچنە پاڵ دەنگدان بۆ سەربەخۆیی کوردستان.



میران هەرکی:

### بەڵێ وەفادارییە بۆ خوێنی شەهیدان

سەدان ساڵە میللەتی کورد خەبات دەکات لە پێناو بەدیهێنانی مافە رەواکانی کە ئەویش خۆی لە بوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا دەبینێتەوە وەك هەموو نەتەوەو میللەتانی دیکەی جیهان، چونکە ئێمەش مافی رەوای خۆمانە کە دەوڵەتێکمان هەبێت. ئەمڕۆ دەرفەتێکی مێژوویی بۆ میللەتی کورد هاتۆتەئاراوە کە رەنگە دووبارەبوونەوەی زۆر زۆر زەحمەت بێت، بۆیە پێویستە لەسەر هەموو تاکێکی کورد ئەوەی تواناو مافی دەنگدانی هەبێت بە گڕ و تینەوە بەشداری بکەن، جگە لە بەڵێ بۆ ریفراندۆم و سەربەخۆیی شتێکی تر شك نابەین کە برینەکانمان سارێژ بکات و گیانی شەهیدانمان ئاسوودە بکات، ئەو شەهیدانەی گیانی خۆیان لە پێناو ئەم ئامانجە پیرۆزە کردە قوربانی خاکی کوردستان، (بەڵێ) وەفادارییە بۆ گیانی پاکی ئەو شەهیدانە، بۆیە داواکارم لە رۆڵەکانی کوردستان رۆژی ٢٠١٧/٩/٢٥ جەژن ئاسا روو بکەنە سەر سندوقەکانی دەنگدان و دەنگ بە (بەڵێ) بدەن، هەر (بەڵێ)یەك گوڵێکە بۆ سەر گۆڕی پڕ نووری شەهیدان و ئەنفالکراوان و گورزێکی کوشندەیە بۆ دوژمنانی کوردو کوردستان.



ئیسماعیل خەیات:

### بەڵێ بۆ بەدیهێنانی دوارۆژێکی پرشنگدار

هەموو کوردێك لە هەر شوێنێك بێت خەون و ئاواتی ئەوەیە کە کوردستانێکی سەربەخۆی هەبێت و بە باشترین و گونجاوترین شێوە وڵاتەکەی بەڕێوە بەرێت، من وەکو هونەرمەندێك دەڵێم هیوادارم هەموو کوردێك بیر لە بەڵێ بکاتەوە، من دەڵێم بەڵێ بۆ ریفراندۆم لە پێناو درووستبوونی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بۆ بەدیهێنانی دوارۆژێکی پرشنگدار بۆ رۆڵەکانی کوردستان.

# ئەمیرە بە تابلۆیەک پشتگیری لە ریفراندۆم دەکات






تابلۆی (بەڵێ بۆ سەربەخۆیی) یەکێکە لە تابلۆکانی خانمە هونەرمەندی شێوەکاری کورد ئەمیرە ئەلوەنداوی کە بەم دواییە تەواوی کردووە و گوزارشت لە گرنگی پرۆسەی ریفراندۆم دەکات و داوا لە خەڵکی کوردستان دەکات کە لە رۆژی ٢٠١٧/٩/٢٥ بە دڵ و گیان ئامادە بن و دەنگ بۆ سەربەخۆیی بدەن و ئەم رۆژە بکەن رۆژی ئاهەنگ و شادی.
لەم بارەیەوە ئەمیرە لە لێدوانێکدا وتی: رۆژی ریفراندۆم مێژووییە بۆ میللەتی کورد، رۆژی گەیشتنە بە مافە رەواکانمان و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، منیش وەك کوردێك هەوڵمداوە لە ریگای کارێکی هونەرییە پشتیوانی و پشتگیری خۆم بۆ ئەم پرۆسە مێژووییە دەرببڕم ئەویش بریتییە لە تابلۆیەك بە ناوی سەربەخۆیی.

دەربارەی بیرۆکەی تابلۆکە ئەمیرە ئەلوەنداوی وتی: بیرۆکەی تابلۆیەکە رۆژی ٢٠١٧/٦/٨ کە رۆژی دیاری کردنی وادەی ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستانە لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە، منیش وەك هونەرمەندێکی کورد بریارمداوە بە تابلۆیەك بەشداری لەو پرۆسە مێژووییەدا بکەم کە گوزارشت لەم ساتە مێژووییەدا بکەم لە مێژووی گەلی کوردستان و ئەویش بە شێوازی تایبەتی خۆم.

دەربارەی ناوەڕۆکی تابلۆکە ئەمیرە وتی: (بەڵێ بۆ سەربەخۆیی) گوزارشت لە وشەی (بەڵێ) دەکات کە بەچەندین زمانی جۆراوجۆری نەتەوەکانی کوردستان نووسراوە ئەمەش وەك هێمایەك بۆ ئەو فرە رەنگیە نەتەوەیی و ئاینییەی کە لە کوردستاندا هەیە و لە کۆتاییدا ئالآی کوردستان پێکدەهێنن وەك هێمایەك بۆ کۆدەنگی پێکهاتەکانی و هەوڵدانیان بۆ سەرخستنی ئەم پرۆسەیە و گەیشتن بە ئامانجە گەورەکە کە بریتییە لە سەربەخۆیی کوردستان.


ئەمیرە ئاماژەی بەوەش کرد تەواوبوونی تابلۆکەی نزیکەی دوو مانگی خایاند هەر لە دانانی دیزاینە سەرەتاییەکانی تاکو تەواو بوونی و زیاتر وتی: دوو تابلۆی هاوشێوەیەی یەکترم درووستکردووە، بەڵام یەکیان تەنیا وشەی (بەڵێ)ی بە زمانی کوردی لەسەر نووسراوە و لەبەر قەبارەی گەورەی هەردوو تابلۆکە زۆر بە زەحمەت توانیم لە ئەڵمانیاوە بیانهێنمەوە کوردستان و ئاستەنگی زیاتری بۆ درووستکردم لە زۆر رووەوە، بەڵام هەرچۆنێك بێت توانیم لە کاتی خۆیدا بیگەینمە کوردستان بۆ بەشداری کردن زەماوەندی ریفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان.

لە کۆتاییدا ئەمیرە ئەلوەنداویی هونەرمەند وتی: خەونی گەورەی من ئەوەیە کە ئەم تابلۆیە لە هەڵمەتی پروپاگەندەی ریفراندۆمدا بەشێوەیەکی بەرفراوان سوودی لێ وەربگیرێت جا بەکارهێنانی بێت لە پۆستەرەکان یان لە رێگای چاپ و هۆکاری دیکەی ئەلیکترۆنی و لە کۆتاییدا شوێنێکی هەبێت لە مۆزەخانەی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان کە زۆر نزیك بۆتەوە.



25 ئەیلوول
بەڵێ بۆ کوردستان

# ئەی هونەرمەندانی سەربەرزی کەمپینی سەربەخۆیی



ئەحمەد سالار
بۆ گوڵان نووسیویەتی

هەمیشە هونەرمەندانی کوردستان، لەچەقی بەرەنگاربوونەوەکاندا بوون و پێشەنگی هەڵمەتە نیشتیمانییەکان بوون، لە رۆژانێکدا ئەو راستییەیان بۆ مێژوو تۆمار کردووە و سەلماندوویانە کە گەلەکەمان لە رووبەرووبوونەوەی ترسناکترین رەشەبای لەناوبەردا بووە.

ئا لەو رۆژانەدا بوو کە وەیشوومەی خەزانیان بە رۆژانی گوڵاڵە رەنگی بەهارستان گۆڕیوە، هەر لەبەر ئەوەش ئەو رۆژانە بە زێڕینە رۆژانی هونەر ناودەبرێت.

هەمیشە هونەرمەندان جەختییان لەسەر ژیانی سەربەرزانە بۆ گەلەکەیان کردووە، خوا خوایان بووە رۆژی زووتر تەوقی چاوەڕوانی و دڵە ڕاوکێ بەجێبهێڵن و سەر راستە رێ بن و بە رۆژی مەبەست بگەن، هەتا زووتر کۆت و پێوەندی ژێر دەستی دابماڵن و چاوانیان بە خۆری ئازادی گەلاوێژ بکەن و چیدی نەوەکانی ئایندە لارە مل و بێ نەوانەبن.

هەر لەو روانگە گەشبینە زێرینەوە بوو، دەستەیەك لە هونەرمەندانی هۆشیاری هەست بە بەرپرسیاری مێژوویی کە بڕیاری کەمپینی هونەرمەندانیانداو ئەوا ئێمەش بەمەبەستی نوقلانە پێدان و گوێزەبانە و شیرینی بەشینەویەدا، بلێین دەسا پیرۆزبێت.

ئەو کەمپینەی لەبازنەی ئەو دەستەیە و چووە ناو بەرینترین بازنەوە کە کۆی کوردستانی لە ئامێز گرت.

هەنووکەش هونەرمەندان بە گیان و هونەرەکەیانەوە قوربانی ئەو پەیامە پیرۆزەن کە خۆری پڕ تەوی ئاسمانی ئایندەمانی رۆشنکردۆتەوە بە هەزاران خۆری نەورۆزی.

ئەمڕۆ کۆتایی بە کەمپینەکە هات، خودا یار بێت لە چەند رۆژێکی زۆر نزیکدا دەستە و ملانێی هاتنە دی خەونە هەمیشەییەکانمان دەبینەوە.. دەسا پیرۆزبێ و پێشوازی لەهاتنی سەربەخۆیی دەکەین، با گیانی شەهیدانمان سەرفراز بێ و باڵای پێشمەرگەکانمان باڵاتربێ بەرووی ئەوانەی چاویان بە باڵای کوردستاندا هەڵنایەت.

پیرۆز بێ و پێوقدوومی بەخێر.

**سەرۆکی شانازی کەمپینی هونەرمەندان**
**بۆ ریفراندۆمی سەربەخۆیی**
**٢٠١٧/٩/١٨ - هەولێر**

# ئالین بە سروودی بارزانی بەشداری لە کەرنەڤاڵی ریفراندۆمدا دەکات

**خانمە هونەرمەندی رۆژئاوای کوردستان ئالین لە بارەی ریفراندۆمی گەلی کوردستانەوە لە لێدوانێکدا رایگەیاند: لەو قۆناغە مێژووییەی ئێستا میللەت کورد پێیدا تێپەڕ دەبێت کە میللەتی ئێمە لە باشووری کوردستان لەبەردەم دووڕیانێکی گەورە و چارەنووسسازدایە ئەویش بریتییە لە ریفراندۆم ئێمەی هونەرمەندانی کوردیش پێویستە بە هەموو هێز و توانایەکمانەوە پشتیوانی لەو پرۆسەیە بکەین.**

**ئالین دەربارەی کارە هونەرییەکانی خۆی و گرنگیدانی بە لایەنی نیشتمانی دەڵێ: ئێستا لە سەرووبەندی ئەنجامدانی ریفراندۆم سروودێکی نوێم تەواو کردووە بە ناوی (بارزانی) کە مامۆستای نەمر ئارام تیگران پێشکەشی کردووم و مافی وتنەوەی پێبەخشیوم، لە چەند رۆژی رابردوودا تۆمارمان کردووە و بە کلیپیش بڵاوی دەکەمەوە، لە دەرهێنانی رێناس میرانە باس لە گەورەیی سەرۆکی نەمر مستەفا بارزانی و رۆڵی ئەم سەرکردە نەمرە لە خەباتی بزاڤی ئازادیخوازی میللەتەکەمان .**

**ئالین هەروەها دەڵێ: بەم سرووده نوێیە پشتیوانی و پاڵپشتی خۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان و زیندوو کردنەوەی خەباتی سەرکردە نەمرەکانمانە و هیوادارم توانیبێتم خزمەتێك بە هونەری کوردی بکەم و بەم بۆنەیەوە دووبارە داوا لە هەموو میللەتی کوردستان دەکەم روو لە سندوقەکانی دەنگدان بکەن بە (بەڵێ) دڵسۆزی و وەفاداری خۆیان بۆ کوردستان دووپات بکەنەوە و دوژمنانمان بێ ئومێد بکەن.**

